لاهور جەنگی: یەکێتیی و پارتی لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕەکەوتوون

لاهور شێخ جەنگی دەڵێت: یەکێتیی و پارتی لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕەکەوتوون.

لاهور شێخ جەنگی، کە بڕیارە بە لیستی "بەرەی گەل" بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستاندا بکات، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، یەکێتی و پارتی بڕیاریانداوە لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن. وتیشی: بەڕام نایانەوێت ئاشکرای بکەن، دەیانەوێ حیزبەکانی دیکەش بەشداریی پێبکەن و لەکێبونەوەیەکدا کە بڕیارە لە سەرکایەتی هەرێم ئەنجام بدرێت، بڕیاری دواخستنەکەی ئاشکرا بکەن.

لاهور شێخ جەنگی وتیشی: "هیوادارم مانگی شەش هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەگەر هەیە تا مانگی 11 و 12ـی ئەمساڵ دوابخرێت".

بەپێی بڕیارێکی سەرکایەتی هەرێمی کوردستان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لەسەری ڕەکەوتوون، بڕیارە ڕۆژی 10ـی حوزەیرانی 2024، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکەی دەکات.